كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
12-8-2007 18:59 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**زەواجی مسیار ... ڕوداو كركوكی**

زۆرن ئەوانەی بەرلەخۆیان سود لەئەزمونی خەڵكانیتر وەر دەگرن، یائەوبیرو فەلسەفانەی پشتیان بەدیدوفەلسەفەكانی بەرلەخۆیان بەستووە، گەلێك جاریش ئەوكەس وفەلسەفانە ئەوراستیانەیان دان پێداناوە. قورئانیش وەك ئا ینێك كەلەدوای ئاینەكانیتری وەك جولەكەو مەسیحی هاتوە، بەشێكی بەر چاوی هەردووئەزمونەكەی تێدایەو لەزۆر جێگادا ئیشارەت بەو شتانەكراوە وەك لە هەندیك ئایەت دا دیارە. گەلێك جار ئەو نمونەو ئەزمونانەش دەبنە هەوێن وسەرمەشقی گەلێك بابەت، كە لەم سەر دەمەدا روو دەدەن، بەڵام بەبی لەبەر چاو گرتنی زروفی خودی وبابەتی یەكسەر چەند توتیەك دیخەنە بازاری مەزادی سیاسیەوە وئاگری قودرەتی پی خۆش دەكەن. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە تیشكی بخەمە سەرئەوەیە، كە چەندین ساڵە باس لەشیعەو سیغەو موتعەوزەواجی شەرعی وناشەرعی لە ناو ئیسلامدا دەكرێت هەر جارەو بە رەنگ وسەنگێكەوە دەخرێتە ناو گۆما وی رۆژگارەوەو، بۆی لە هەڵادەدەن چەندین ساڵە ئێمەی سونە شیعە بەلادەر لەئیسلام وبەهۆكاری سەرەكی لادان لەئیسلام دەزانین، ئەوەتا دوای چەندین ساڵ لەئەنجامی قەیرانێك كەرەنگە گۆرانی كۆمەڵگای هێنابێتە كایەوە بەشێكی زۆری دەر هاویشتەی ئەو جەنگ وپێكدادانە سەربازیانەن كە لەناوچەكەدا رویانداوە. دوای ئەوەی بەشیعەمان ووت لادەر دوای ئەوەی وەڵامێكمان لەدەست دا نەمایەوە بۆرێگرتن لەو بەرەڵایە جنسیەی كەسەری هەڵداوە ئەوەتا ئیمەی سونەش"مسیار"دەكەینە ئامانج ودەیخەینە بەر دەست پەرلەمان وكۆمەڵگا، بەبی ئەوەی سبەینی ببینین یا ئەو دەرەنجامانە لەبەر چاو بگرین كە ئەو جۆرە كارانە چۆن بەشێوەیەكی خراپ رەنگ دەداتەوە لە ناو كۆمەڵگاو خێزانی كوردەواری، وەك ئەوەی لەئێران لەدوای شۆرشی ئیسلامی روویدا كاتێك مەلهاكانیان تێك داو سۆزانیە كانیان گەراندەوە ناو خێزان وگەرەكەكان. ئەوانیش كۆمەڵێكی گەورەتریان بۆ ئەو مە بەستە پێگەیاندو ئەوەتا بەشایەدی هەموولایەكمان ئێران وەك مەلهایەكی گەورە دەبینرێت وبەموتعەو سیغە خەریكی چارە سەر كردنینە. بەڵام ئێمە بۆ ئەوەی ئەو هەمووسەر ئێشەو كێشمە كێشمە كورت بكەینەوەو بگەینەوە ریزی موسلمانانی جیهان وە لە مێروسعودیەو ئێران وسودان هەیە با دەستپێشخەری بكەین ولەجیاتی مسیا ر مەلهایەكی ئیسلامی بكەینەوەو چەند مەلایەكی تازە بابەت لە ئۆفیسێك دابنێین بۆمارە برین و چەند ناسكە موسلمان وگەرمە تەریقێكی تازەش بكەین بە حەس حەس ونۆبەتگری ئەو كۆ مەڵگایە. بۆیە پێویستە ئەلێرەوە سنوور دیار بكرێت بۆ ئەوانەی بەنیازن كۆمەڵگا كەمان ناشرین بكەن وپەرلەمانیش سەر قاڵ بكەن، بۆزینا حەڵاڵەكانی خۆیان.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.